**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٦٨٩/٣ لە ٢٠١٧/٣/٣٠**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە حوکمەکانی مادده(٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

## پەیرەوی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٧

## پەیرەوی ناوخۆی نووسینگەی وەزیری داد

**ماددەی ( ١ ):-**

**نووسینگەی وەزیری داد لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دەبێت، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە بروانامەی بەرایی زانکۆی لە یاسا هەبێت و چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەدەن.**

**ماددەی ( ٢ ):- نووسینگەی وەزیر ئەم ئەرکانەی دەبێت:**

**یەکەم: سەرپەرشتی پێکهاتەکانی سەر بە نووسینگە دەکات.**

**دووەم: ئامادەکردنی فەرمانی وەزاری و فەرمانەکانی تایبەت بە کاری نووسینگە.**

**سێیەم: وردبینی و بەدواداچوون و ڕێکخستنی پۆستەی هاتوو لە لایەنی باڵاو وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگەو دەزگا دادییەکان.**

**چوارەم: ڕێکخستنی کاری سکاڵای هاوڵاتیان و ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکانی وەزیر.**

**پێنجەم: ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکانی وەزیر بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن**

**شەشەم: ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەو چاوپێکەوتن و کۆنفرانسەکانی کە وەزیر ئامادەی دەبێت یان چاودێری دەکات.**

**حەوتەم: ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزارەتی داد لە ڕێگەی سکرتێری ئەنجومەن.**

**ماددەی ( ٣ ):-**

**یەکەم: پێکهاتەکانی نووسینگەی وەزیر:**

**أ- سکرتاریەت: فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە شارەزایی و لێهاتوویی لە کارەکانیدا هەبێت. ئەرکی وەرگرتنی پۆستەو پەیوەندی تەلەفۆنی و ئیمەیل لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکان و چاپکردنی نووسراوە فەرمیەکانی نووسینگەیە.**

**ب- خامەی نووسینگەو نهێنی: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە شارەزایی لە بواری کارگێڕی دا هەبێت. ئەرکی کردنەوەی تۆمار و ئەرشیف کردن و بەدواداچوونی نووسراوەکانە.**

**ج- وەرگێران: فەرمانبەرێك یان زیاتر دەیکات کە دەرچووی کۆلیژی زمان بێ یان شارەزاو لێهاتوویی لە وەرگێڕاندا هەبێت.**

**ماددەی ( ٤ ):- ئەم پەیڕەوە جێبەجێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .**

**سـنـان چلبـی**

**وەزیـری داد**